# زمان و گوتاری ئەدەبی

## (مەولەوی تاوگۆزی لەنێوان عیشق و ئاییندا)

دلّزار حەسەن

( ١- ٢ )

### پێشەکی

لەو ڕۆژەوە کە مرۆڤ زمانی پـژاوە، گوفتار و گوتـار و تێکستی ئەدەبییش بە ڕادەی مەزنیی مرۆڤایەتی بالآی کردووە. لەنێو ئەو میراتە سەنگین و زەنگینەدا ئەدەبیاتی شاعیرانێکمان بەر دیدە دەکەوێت، کە دواجار بەو هەموو داهێنانەی لە دنیای زمان و ئەدەبدا کردوویەتی، سەرسامانمان بکات. بێگومان کورد لە جیهانی نووسراودا مێژوویەکی پرشنگداری هەیە. ئەگەر دیرۆکی یەکەم دەقی ئەدەبی لەپیر شالیارەوە (١) دەستنیشان بکەین، ئەوە تێدەگەین کە زیاد لە هەزار ساڵ کەم نییە بۆ مێژووی دەق.

دەقیش بە مانای بەریەکەوتنی ئادەمیزاد، لەگەڵ پاکیەتی ژیان. کاتێک مرۆڤ جوانییەکانی دەوروبەر دەبینێت، ئەوجا هەوڵ بۆ گواستنەوەی ئەو ئیستێتیکای هەستییە دەدات بۆ ناو تێکست، تێکست بەمانا کاغەزییەکەی نا، بەڵکوو بە مانا داستانە خەیاڵییەکەی، کە بینین مانای دیکەی پێ دەبەخشێت. مرۆڤ لەکاتی بینینی ناوەوەی ئاوەزیدا، جیاوازتر شتەکان دەبینێت، بۆیە جوایەز بیر دەکاتەوە و بە فۆرمێکی دیکە قسە لەسەر شتەکان دەکات.

هەڵبەت دەرکەوتەکانیشی جودان، چونکە هەستەکانی ئەدیب، مانا و وێنەی دیکە بە شتەکان دەدات، هەرچەندە مێژووی مامەڵەی کورد لەگەڵ کاغەز و چاپدا زۆر لەمێژە نییە، بەڵام ئەگەر بەبایەخەوە چاوێکیش بەو میراتە زەنگینەی نەتەوەی کوردماندا بخشێنینەوە، ئەوە چاومان بە زۆر شاعیری مەزن و دەقی نایاب دەکەوێت، کە جێگەی شانازی ئێمەن، کە دەتوانین لە کۆی بەرهەمەکانیان، شیعری بەرز و پەخشان و چیرۆکی ئەفسانەیی زۆر داهێنەرانە بدۆزینەوە. نموونەی شاعیرانێکی وەک (باباتاهیری هەمەدانی ٩٣٥- ١٠١٠، مەلا ئەحمەدی جزیری ١٥٧٠- ١٦٤٠، بێسارانی ١٦٤٣ - ١٧٠٢، ئەحمەدی خانی ١٦٥٠- ١٧٠٧- خانای

قوبادی ١٧٠٠- ١٧٥٩، تا دەگاتە مەستوورەی ئەردەڵانی ١٨٠٥- ١٨٤٨، نالی ١٨٠٠- ١٨٧٢، مەولەوی تاوگۆزی ١٨٠٦- ١٨٨٢، حاجی قادری کۆیی ١٨١٧- ١٨٩٧، قانع ١٨٩٨- ١٩٦٥)، لە شیعری هاوچەرخیشدا (عەبدوڵڵا گۆران ١٩٠٤- ١٩٦٢، سوارەی ئێلخانی زادە ١٩٣٧ - ١٩٧٦، شێرکۆ بێکەس ١٩٤٠- ٢٠١٣، عەبدوڵڵا پەشێو ١٩٤٦، لەتیف هەڵمەت ١٩٤٧.. تاد، لەم ڕووەوە ئەگەر لە گەلان زیاتر نەبین، ئەوە هیچمان لەوان کەمتر نییە.



مەولەوی

## بازنەی یەکەم
## تێگەشتن لە چەمکی ئایین و عیشق لای دەروونشیکاران و عاریفان

بەرلەوەی بچینە ناواخنی باسی چەمکەکەوە، پێویستە لە دەرەوەی چەمک و ماهییەت هەڵوەستە لەسەر خودی وشەی عیشق بکەین. بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی لە مانا و دەستەواژەکانی عیشق بگەین، دەشێت پرسیار لەوە بکەین ئاخۆ مەبەستمان لە زاراوەی عیشق چییە؟ هەڵبەت لە ڕاڤەکردنی مانای عیشق بەشی زۆری نووسەر و ڕۆشنفکران تا ئێستاکەش لەسەر یەک پێناسە و تێگەیشتنی هاوبەش، لەبارەی پرسی عیشقەوە ڕێک نەکەوتوون، ئاسانیش نییە بۆ تێگەیشتن لێی، بە یەک دید و دیدگە بگەن، کەواتە کێشەکە وشەی عیشق نییە، بەڵکوو جەوهەر و ماهییەتی عیشقە وەک پرۆسە، کە وای کردووە ڕوانگەی جودا بخوڵقێنێت.

ئەگەر لە کورتترین مانادا عیشق بۆ دڵداری نێوان دوو ڕەگەزی جیاواز پێناسەبێت، ئەوە لە زماندا عیشق تەنیا وشەیەکە، بەڵام لە ماهییەتدا دەریایەکە لە مانا، کەواتە ناکرێت بەو ئاسانییە خۆمان بدەینە دەست ڕاڤەیەکی تەجریدی ڕووت، کە نامانگەیەنێت بەو مانا قووڵەی، کە عیشق لە هەناویدا هەڵیگرتووە.

ڕاستە وشەی عیشق لە دەربڕیندا وشەیەکی کورت و پوختە، بەڵام تێگەیشتن لەم وشەیە و پێناساکردنی لەناو زماندا زۆر جار دەمانخاتە نێو ئاڵۆزییەکی تاریکەوە، کە دەربازبوون لێی ئاسان نەبێت.

لەوەتەی زاراوەی عیشق بەمانا گشتییەکەی و لە وێنە گەورەکەدا خۆی نمایش کردووە و لەنێو ئەدەب و داستانە کۆمەڵایەتییەکاندا بووەتە بابەتگەلێک و شوناسێک، تا ئەمڕۆکەش هەرکەسە و لەلایەک بە پشت بەستن بە تیۆر و بۆچوونێکی دیاریکراو و باکگراوندێکی فەرهەنگی جیاواز ویستوویەتی ئەو وشەیە بناسێنێت.

وەک ئاماژەمان پێ دا لەم سۆنگەیەوە تووشی کۆمەڵێک پێناسە و تەفسیر و تەئویل دەبینەوە، کە بە هیچ شێوەیەک کۆدەنگی لەبارەیەوە دروست نەبووە، چونکە ئەو شرۆڤانەی تا ئێستاکە بۆ تێگەیشتن لەو وشەیە کراوە،

گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن، کە تێگەیشتن لە عیشق ئاسان نییە، ئەگەر وشەکەش لە شوێن و جێگەی خۆیدا بەکار نەهێنین، ئەوکات زاراوەی عیشق لەو جێگەیەدا مانای دیکە وەردەگرێت.

لای بەشێک لە فیگەرەکانی دنیای دەروونشیکاریش وەک (فرۆید ١٨٥٦- ١٩٣٩ و ئەریک فرۆم ١٩٠٠ - ١٩٧٩ و دواتر هێربرت مارکۆزە ١٨٩٨- ١٩٧٩) پرسی خۆشەویستی وەک بنیاتنەری شارستانیەت دەناسێنن و دەیکەن بەو فاکتەی هەر یەکەو لە ڕاستە خۆی کەسێکی خۆشەویستی لە پشتە و لە پێناو دەرخستنی هێزی ئیرۆسی خۆی خستووەتە ڕوو. « کەواتە خۆشەویستی ڕەفتارە و دواتر دەبێتە ڕووداو، پاشان وەک خوو دەچێتە نێو هەست و نەستی تاکەکانەوە» (٢) لەگەڵ ئەوەشدا دەروونزانیی لە زۆر گۆشەی جیاجیاوە خوێندنەوەی بۆ خۆشەویستی کردووە، هەر ڕێچکە و ناوەندێکیش لە ڕوانگەی خۆیەوە ناساندوویەتی. ناشکرێت بێ بۆچوونی زانایەکی وەک فرۆید قسە لە بارەی خۆشەویستییەوە بکەین.

فرۆید لە کتێبی «خۆشەویستی و شەڕ و شارستانیەت» تیشک دەخاتە سەر زاراوەی دوالیزمی هەست و نەست، نموونەیەکی زۆر ورد لەسەر هەستی زێدە خۆشەویستی و زێدە ڕق لێ بوونەوە دەهێنێتەوە و پێی وایە مرۆڤ هەردوو حاڵەتەکەی تێدایە، لەیەک کاتدا ڕێزێکی گەورە و خۆشەویستییەکی بێوێنە دەتوانێ نمایش بکات.» (٣) ڤیکتۆر فرانکل لە کتیبی «مرۆڤ بەدوای مانادا دەگەڕێ» لە بارەی خۆشەویستییەوە دەنووسێت: تاکە ڕێگەیە، کە بەهۆیەوە مرۆڤ مرۆڤێکی دی لە قووڵایی ناخی کەسێتییەکەیەوە دەناسێ. (٤) بەشی زۆری قوتابخانە دەروونشیکارییەکانیش خۆشەویستی بە غەریزەوە دەبەستنەوە و بەوە لێکی دەدنەوە، کە خۆشەویستی جووڵەی جۆراوجۆری غەریزین لە مرۆڤدا، بە ئاراستەی جێبەجێکردنی خواستەکانی هەنگاو دەنێت.

ئەریک فرۆم لە کتێبی «هونەری خۆشەویستی» بەو شێوەیە پێناسەی خۆشەویستی دەکات: یەکگرتنێکە پەیوەستە بەو مەرجەی مرۆڤ پارێزگاری لە ئازادی خۆی بکات و وەک تاک بەرانبەر تاکێکی دیکە دەرکەوێت، بارتەقای ئەو کاریگەرییەش هەستێکی ئەرێنییە و ناکەوێتە ناوی، بەڵکوو لە ئاستیدا دەوەستێت، کەواتە دۆخێکە لە بیرکردنەوە. (٥).

لە مێژووی مرۆڤایەتیشدا پرسی خۆشەویستی هاوتەریب لەگەڵ پرسی مردن هاتووە، بۆیە دەبینین بیرکەرەوەیەکی وەک «زیگمۆنت باومان» لە کتێبی «خۆشەویستی نەرم» ئاماژە بە دۆخی خۆشەویستی و مەرگ دەدات و (پێی وایە دۆخی مردن لەگەڵ خۆشەویستیدا بەیەکەوە هاتوونەتە نێو ژیانی مرۆڤەوە. لەلایەکی دیکەوە ڕای وایە لەم دنیایەدا نە مردن و نە خۆشەویستی دووبارە نابنەوە، چۆن کەسی مردوو جارێکی دیکە نامرێتەوە، خۆشەویستیش یەک جار ڕوودەدات.) (٦).

دوکتۆر «محەمەد تەها حوسێن» لە کتێبی «سایکۆلۆژیای خۆشەویستی»دا بۆچوونی زانایەکی وەک «ئەریک فرۆم» دەهێنێتەوە، کە پێی وایە: لە عیشقدا ژیان و مردن وەک یەکن و لە پاڵ یەکیش ناویان دێت، هەمیشەش عاشقەکان بۆ ئەوەی پارێزگاری لە عیشق و مەعشووقەکانیان بکەن، ئامادەی ئەوەن نەک هەر خۆیان بکەنە قوربانی، بەڵکوو ئامادەن بۆ گەیشتن بە مەعشووق دنیاش وێران بکەن (٧). دەروونشیکارەکان ڕەخنە لەو فۆرمی خۆشەویستییە دەگرن و لایان وایە عیشق دەبێ وەک پرسێکی ئینسانی و شارستانی سەیر بکرێت، نەک دواجار مرۆڤ بکات بە قوربانی و

بۆ گەیشتن بە ئەوی مەعشووق، ئامادەبێت هەموو کارێکی نامرۆڤانە بکات، ئیدی خۆ بەقوربانیکردن بە هەموو جۆرەکانییەوە، لەپێناو ئەودا بە کارێکی نامرۆڤانە و ناشارستانی خوێندنەوەی بۆ کراوە.

دیارە ڕوانگەی ئەوان بۆ عیشق ڕوانینێکی سۆزداری و غەریزی نییە، بەڵکوو تێڕوانینێکی مرۆڤانەیە، دواجار بۆ دۆخی ژیان و خێزان و شارستانیەتی هاوبەش شۆڕدەبێتەوە. لە پرسی پێوەندی مرۆڤ بە ئایین و مرۆڤ و خۆشەویستی و پێوەندییە جەوهەرییەکانی نێوان خودا و مرۆڤ، هەمیشە جیهانی دەروونناسان ڕووبەڕووی ئەو پرسیارەمان دەکەنەوە ئاخۆ ئایینەکان لە میانی بوونیانەوە توانیویانە خودامان وەک خۆی لەلا خۆشەویست بکەن، یان مرۆڤەکان لەنێوان خۆیاندا بکەنە خۆشەویستی یەکدی؟ ئاخۆ لەنێوان پێڕەوکاران و ئایینزاکاندا تۆوی خۆشەویستی چێنراوە، هەموویان بە یەک چاو سەیری یەکتر دەکەن؟ ئەوانە ئەم پرسیارانەن، کە دەمانبەن بۆ ناواخنی زۆر بابەتی ئاڵۆزی تایبەت بە ژیانی مرۆڤەکانەوە.

زانایەکی وەک «میشێل ئۆنفرێی» لە کتێبی «ئاوەژووکردنەوەی لاهووت» سەبارەت بە پرسی دەنگی نێرایەتیی پیاو لەناو ئایینەکاندا دەکاتە مۆدێلێکی دیکەی قسە لەسەرکردنێکی ڕەخنەییانە لە گوتاری ئایینی بەرانبەر بە ڕەگەزێکی مرۆڤ، کە مێینەیە. نایشارێتەوە و دەڵێت: سێ ئایینە ئاسمانییەکە بە ئاگاییەوە شەڕی مێ دەکەن، ئەمەش بۆ لەخشتەبردنی ئادەم لەلایەن حەواوە دەگەڕێتەوە، کە بە هۆی خواردنی سێوەکەوە بکەوێتە تاوان و ئیدی لەسەری سزابدرێت. لەو ڕۆژەوە پیاو ڕقێکی زۆری لە ژن بۆ دروست بووە و بە سەرچاوەی نەهامەتییەکانی خۆی دەزانێت، (مێ)ش بۆ خاتری مانەوەی خۆی پەنای بۆ چەندان جۆرە فێڵ و مەکر بردووە.(٨) لێرەدا ئەو دیاردەی ڕق لێ بوونەوە و دژ بەیەک بوونە، لەوساوە تا ئێستا فۆرمێکی شەڕانگێزی لەنێوان ئینسانەکاندا خۆڵقاندووە، کە بۆ ململانێی ڕەگەزی و نەژادی و چینایەتی شۆڕبووەتەوە.

ئەگەر ماهییەتی ئایین «گرێدان و پێکەوە بەستنەوە بێت» (٩) تەسەوفیش لە کورتترین مانایدا، «خۆ بەکەمگرتن و خۆ تەسلیمکردنە». تەسەوف دەستبەرداربوونی ڕواڵەت و شکۆی درۆیینەی پلەی کۆمەڵایەتییە، بایەخ نەدانە بە هەرشتێک، کە لەخودای دادەبڕێنێت.(١٠) هەندێک لە عاریفان بەشێکیان بۆ ناسینی مرۆڤ تەرخان کردووە، لەسەر بنەمای ئەو فەرموودەیەی، کە دەفەرموێت: ئەوەی خودی خۆی ناسی، خوداش دەناسێت. لێرەوە مەعریفە و ناسین و زانینی مرۆڤ، دەبێتە یەکەمین هەنگاوی ڕۆیشتن بەرەو خوداناسین. تا ئادەمی نەزانێت خۆی چییە و کێیە و چۆنە؟ کە بەش و پارە و پارچەیە، ناتوانێت زاتێکی دابەش نەبوو و هەرمان و هەرهەبوو بناسێت.(١١).

ئەگەر چاوێک بەو سەرچاوە دەوڵەمەندانەی بواری عاریفناسی و سۆفیگەریی ئیسلامیدا بخشێنین، ئەوە چاوت بە زۆر سەرچاوەی باش دەکەوێت، کە لەبەر سەنگینی و زەنگینی بابەتەکە، هەریەکەو بە جۆرێک پێناسە و لێکدانەوەی بۆ چەمکی تەسەوف و عیرفان کردووە. «ئانا ماری شمیل» کتێبێکی قەبارە گەورەی لەسەر «مێژوو و ڕەهەندەکانی سۆفیگەری لە ئیسلامدا» چاپ کردووە، کە بە یەکێک لە سەرچاوە دانسقەکانی ئەو بوارە دادەنرێت. نووسەر زۆر بە وردی لەسەر ئەو چەمکە دەوەستێت و ئاماژە بە زۆر لایەنی تەسەوف دەکات، مێژووی بەشی زۆری عاریفانی ئەو بوارەی تێدا یادداشت کردووە.

سەبارەت بە چەمکی سۆفیگەری دەنووسێت:

مەزنترین تەوژمی ڕوحییە و لەتێکڕای ئایینەکاندا بڵاوە. بە واتایەکی گشتگیرتر دەکرێت بگوترێت: درککردنی حەقیقەتێکی ڕەهایە، ئیدی ئەو حەقیقەتە جیاوازی نییە، بە « حیکمەت، یان ڕووناکی، یان عەشق، یان عەدەم ناو ببرێت»، دەکرێت سۆفیگەری بە ئەوینی ڕەهاش پێناسە بکرێت، کە بەم ئەوینە سۆفیگەریی ڕاستەقینە لە ڕچە و ڕەوتە دنیانەویستەکانی دی جیا دەکرێتەوە. خۆشەویستی خودایش وا لە مرۆڤ دەکات، بەرگەی تێکڕای ئەو ئازار و نەهامەتییانە بگرێت، تەنانەت چێژیشیان لێ ببینێت.(١٢)

نووسەر «جەمال حوسێن» لە زنجیرە کتێبی «ئایینی خۆشەویستی» و لە کتێبی مەولانادا بەشێک بە ناوی (تەسەوفی خوراسانی) دەکاتەوە، پەلوپۆی ئەو ڕێچکەیەش بە (ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم، حەللاج، غەزالی، سەنائی، عەتاری نیشاپووری) دەبەستێتەوە، دوای ئەوانیش (مەولانا و سەعدی شیرازی و حافزی شیرازی) دێت. نووسەر نایشارێتەوە تەسەوفی خوراسان بووەتە قوتابخانە و هەزاران عاشق بە تەسەوفی تێدا پەروەردە بووە.

نووسەر ئەو زنجیرەیە بە چەند وێستگەیەکەوە گرێ دەدات، کە بوونەتە هەوێنی دنیای عیرفانییان. بەشێکیان بە هۆی تێگەیشتنیان بۆ قورئانی پیرۆز و ئایین زۆر فراوانتربووە، باوەڕیان وا بووە لەگوترراو گرنگتر، ئەوەیە کە دەقی پیرۆز نەیگوتووە و دەکەوێتە ئەو دیو دەقەکانەوە. هۆی ئەمەش ئەوەیە ئەوان بە ڕووکەشی شەریعەت تێر نەبوونە و ڕوحیان زیاتر بەو تینووێتی نەدەشکا، بەڵکوو بە تێگەیشتن و قووڵبوونەوە لە مانا شاراوەکان دەروونیان ئاسوودەتر دەبوو، هەر ئەوەش وای کرد شوناس و تایبەتمەندی بە قوتابخانەی خوراسانی بدرێت، دەمێک پێیان دەگوترا (مەستی)، چونکە زۆر کرداری بوون و زۆر بە کەمیی گرنگییان بە پرسە شەرعی و فیکری و مەعریفییەکان نەدەدا و زیاتر خۆیان بە بواری ڕوحییەوە سەرقاڵ دەکرد. ئەمانە پێیان وابووە لە ڕێگەی وەرزشی ڕوحییەوە بە خودا دەگەن، گەیشتن بە زاتی ئیلاهیش تەنیا لە ڕێگەی عیشق و خۆشەویستییەوە دێتە ئاراوە. کاتێک خودا لە قورئاندا دەفەرموێت (الذین آمنوا اشد حبا لله) ئەو خۆشەویستییە زیادەیە تەنیا و تەنیا بە عیشق پێی دەگەین.(١٣)

قسەیەکی باوی فەلسەفی هەیە دەڵێت: ناگەین بە ڕاستی هیچ درەختێک ئەگەر سەرەتا لە تۆوەکەی تێنەگەین، تێگەیشتنیش لەتۆو ڕوونادات تا بەری درەختەکە نەبینین، چونکە درەختەکە ماهییەتی ئەو بەرەیە، کە پێمان دەدات نەک تۆوەکەی. وشەی عیشقیش هیچ مانایەکی نییە، تا لەنێو دەریای ئەویندا نەدرەوشێتەوە، ئەوە ئەو وشە ساردوسڕە نییە مانا بەم هەموو جوانییە دەدات، ئەوە ماهییەت و سەیروورەکانی دنیای ئەوینە پێمان دەڵێت: عیشق ئەوە ماناکەیەتی. بەری درەختی عیشق ئەو کات بەری مانا دەردەکات، کە تۆوەکە ماچی لێوانی باران دەکات و خونچەی ئەوینی لێوە دەپشکوێ. بەهاری ئەم درەختە ئەوکاتە دێ، کە وەرزی جیابوونەوە لەم زەوییە ساردوسڕ و وشکە تێدەپەڕێنێت و لەنێو دڕک و بەرد و هەرچی ڕەقی سەر زەوی هەیە، درەختێک سەر دەردەکات، کە باڵای لەنێو جنوون و جوانییەکان وەک مانگی چواردە دەدرەوشێتەوە. ئەوە ڕوحی تۆوەکەیەتی پێمان دەڵێت: ئەو گەڵایەی، کە نمەدەکات بەری درەختی عیشقە. هەر لەم سۆنگەیەوەیە لە زۆر کاتانیش ئەدەب وەک دەستەخوشکی عیشق پێناسە کراوە، «ئەدەب، وەک ئەورووپاییەکان ڕاڤەی دەکەن، بەو بەرهەمە دەڵێن، کە بە هۆی تایبەتییەکانی دارشتنەوە

هەستی جوانکاری و هەڵچوون و وروژاندنی سۆزمان تێدا بجووڵێنێت» (١٤) دەتوانین بڵێین: جوانی لە ڕوانیندا دێتە ئاراوە نەک لەو کاتەی، کە لێی دەڕوانیت. دواجار تێگەیشتنە فەلسەفییانەکەی عیشقە وا دەکات، ئەوی دیکە بە جوانی دەربکەوێت. وەک دەزانن لای مرۆڤی دڵبریندار و بە ئازار هەمیشە جوانییەکان بە ناشیرینی دێنە پێش چاو، بەڵام لای ئەوانەی بە ڕاستەقینەیی ئاشقبوون هیچ شتێک ناشیرین نییە، بەڵکوو جوانی لە هەموو شتێکدا دەبینن.

تۆ مەعشووقەکەی خۆت بە شێوەیەک دەبینی و ئەوانی دیکەش بە جۆرێکی تر دەبینن. هیچ کاتێک لای دڵبادەکان بە ڕوانینێکی خاڵی لە عیشق لە مەعشووقیان نەڕوانیوە، بەڵکوو بە چاوی عاشقێکی وێڵ لە مەعشووق دەڕوانێت.

با بپرسین بۆچی عیشق سووتماکە و گڕدار و بە بڵێسەیە؟ بۆچی هەمیشە لە مەڵبەندی ئەویندارانـدا ناڵە و ئازار و فیغان هەیە؟ ڕەنگە بۆ ئەوە بێت، کە دواجار هەرچی ناخۆشی و ئازار و بەڵایە ڕێگەیەک بێت بۆ گەیشتن بە یار، بۆیە پێگەیشتنی عاشق پێویستی بە تێپەڕبوونە بەنێو ئاگرێکی بە سوێ.

دەروونی مرۆڤەکان هیچ کاتێک پاقژ نابێتەوە، تەنیا بە ئەوین نەبێ، کە وای لێ دەکات دەروونی ڕۆشن و ژیانی درەوشاوەبێت، وەک کەسێک بە چرایەکی پرشنگدارەوە بەرەو تاریکییەکی قووڵ هەنگاوبنێت، هەر لەبەر ئەوەیە عیشق لەیەک کاتدا، هەم دەرد و هەم دەرمانە. عیشق زامێکی تاقەتپڕووکێنە، بەڵام لە ناخدا چێژێکی هەڵگرتووە بە هیچ شتێک گوزارشت ناکرێت. مرۆڤی عاشق لەلایەک دەناڵێنێت و لەلایەکی ترەوە هیچ کات خۆزگە بەنەمانی ئەو ئازارە ناخوازێت، هەمیشە پەرۆشە بۆ دیداری مەعشووق.

کاتێک باس لە عیشق دەکرێت، دڵی مرۆڤ سەرگەردان دەبێت و وێنەی هەزاران عاشق دەبینێت. کاتێک باسی چیرۆکی ناسۆرییەکانی ئەوین دەکرێت هەر کەسێک، کە ئەهلی عیشق نەبێت پشتی تێ دەکات و گوێی لێ ناگرێت. عاشقانیش بە داستانی ئەویندارن مەست و حەیران دەبن. بە کورتی و بە کوردی، هەوێنی ژیانی گەردوون بە عیشق شێلراوە. هەر وەک چۆن کزەبایەک، کە گەڵای درەختێک دەلاوێنێتەوە، چەند شیرین دەردەکەوێت. خۆ بەچاوی سەر (با)مان نەبینیوە! بە هەمان شێوە عیشق پاڵنەری پشت ژیان و جووڵەی ئەم گەردوونەیە.

(نەی) بە عیشق هەڵدەچێت و مەست دەبێت، هەر بۆیە بۆ خۆشیی ئەوانی تر مەست و سەرخۆش دەکات، عاشقبوون واتای بینینی جووڵە و هاتوچۆی عیشق لە هەموو شتێکدا، ئەو چاوەی کە ڕاستەقینە دەبینێت، هەمان ئەو چاوەیە، کە پەروەردگاری دروستکەر لەو دیوی ڕووداوەکانەوە دەبینێت، وەک حاڵی زولەیخا. (زولەیخا) لەژێر کاریگەریی عیشقەکەیدا وای لێ هاتبوو لە هەموو شتێکدا یووسفی دەبینی، ئەگەر ستایشی هەر شتێکی کردبا، ڕاستییەکەی باسی یووسفی دەکرد، نەک ئەو شتە. داد و فیغانی لە هەر شتێک کردبا، ڕاستییەکەی داد و فیغانی فیراقی یووسف بوو لە دەروونیدا پەنگی خواردبووەوە، ئەگەر ناوی سەدان هەزار شتت بردبا، ئەو تەنیا مەبەستی یووسف بوو، زولەیخا ئەگەر تینووی بووایە، بە ناوهێنانی یووسف تینوێتی دەشکا، بە پێکی ڕوخساری یووسف سەرمەست دەبوو، گەر ئێش و ئازاری هەبووایە بە ناوهێنانی یووسف برینی ساڕێژ دەبوو.

## بازنەی دووەم
## عیشق و ئایین لە بنیادی ئەدەبی مەولەوی تاوگۆزیدا

توێژینـەوە لـە دنیـای ئەدەبـی مەولـەوی بـە تایبـەت تێگەیشـتن لـە فەلسـەفەی عیشـق و واتـا و بزاوتـە نوێگەرییەکانـی، لـە دەقـە شـیعرییەکانی مەولـەوی دا لـە پرسـیارێکی جەوهـەری نزیکمـان دەکاتـەوە، ئاخـۆ جیهانبینـی مەولـەوی تاوگـۆزی بـۆ چەمکـی عیشـق ڕوانینێکـی عاریفانـە و سـۆفیانە بـووە؟ یان پێوەنـدی بـە دۆخـی ئەدەبـی و خۆشەویسـتی شـتانێکەوە بووە، ڕەنگـە لـە دەرکەوتنیـدا بکەوینـە دۆخێکـەوە، دواجـار ڕوانگـەی مەولـەوی لەنێـوان عیرفـان و عیشـق بـە مانـا ئیسـتێتیکی و بەرجەسـتەبییەکەی بـە ئاسـانی لـێ جیـا نەکرێتـەوە.

بـە دیوێکـی دیکـەدا دواییـش بکەوینـە گومانـەوە، سـەبارەت بـەو هەمـوو کۆڵینەوەیـەی ناچـار بەوەمـان دەکات هـەر بڵێیـن عیشـقی مەولـەوی عیشـقێکی سـۆفیانە و عاریفانـە بـووە! بـۆ ئـەوەی وانەکەیـن و توێژینەوەکەمـان داوەریکردنێکـی ڕاستودروسـتی، پشتبەسـتوو بـە ئارگیۆمێنـت و زمانـی لۆژیکـەوە پەیوەسـت بـێ، پێویسـتمان بـەوە دەبێـت تێڕوانینـی هـەردوو بیروڕاکـە بخەینـە نـاو تـەرازووی ئەدەبییـەوە، چونکـە ئیشـکردن لەجیهانـی ئـەدەب تەنیـا خوێندنەوەیەکـی ڕووکەشـانە و سـەیرکردنێکی سـادەی نـاوەڕۆک نییـە، بەڵکـوو لای توێـژەر بینینـی کـۆی بنەمـای تێکسـتەکە بـە هەنـد وەردەگیرێـت وەک « زمـان، تەکنیـک، فـۆرم، ڕەوانبێـژی، دال و مەدلوولـی مانـا و دەسـتەواژەکانی..» تـاد... یەکێـک لە فاکتەرە هـەرە سـەرەکییەکانیش، بـۆ سەرنجڕاکێشـانی خوێنەر و دروسـتکردنی زەمینەیەکـی بـاش لەنێـوان دەق و نووسـەر و خوێنـەردا، پیشـاندانی دیوە زۆر تایبـەت و جوانەکانـی دەقـە. ئـەو تێڕوانینـە یارمەتـی ئەوەمـان دەدات، بیـر لـە پشـتی ئـەو دەقانـەش بکەینـەوە، کـە لای خوێنـەر، یـان توێـژەر وناکەوێتـەوە، بەڵکـوو بینینـەکان زۆر جیاوازیشـن، هەرچەنـدە ئـەوە ڕای زۆرینـەش بێـت، بەڵام بینین و تێگەیشـتنمان بۆ دەق، لـە کۆتاییـدا هـەر جودایـە. «ئـەوەی لەدیوانەکـەی مەولـەوی بتوێژێتـەوە، دەزانـێ مەولـەوی گیـرۆدەی ئەڤیـن و ئاوێنـەی بێگـەردی سروشـت بـووە» (١٥). لـەوەوە بـەو بۆچوونـە دەگەیـن، کـە لای مەولـەوی ئەڤیـن جۆرێکـی دیکـە بـووە، پێچەوانـەی ئەوانـەی، کـە پێیـان وایـە دنیـای مەولـەوی لـە عیرفـان و تەسـەوف لێـوان لێـو بـووە.

(حەمەکەریم هەورامی)ی نووسـەریش ڕای جیاوازی خـۆی ناشـارێتەوە و لای وایـە ئـەو ئـاوە مامۆسـتای گـەورە و زانـا «مـەلا عەبدولکەریمـی مودەڕیـس» ڕشـتوویەتی و پێویسـتە وەک ئـەو بیرنەکەینـەوە، کـە سـەرلەبەری دیوانەکـەی مەولـەوی بـە نەفەسـێکی سۆفی و عیرفانانـە لێکداوەتـەوە. نووسـەر ڕەخنە لەو تێگەیشـتن و شـکڵ وەرگرتنـە دەگرێـت و پێشی وایـە ئەدەبـی مەولـەوی ئەدەبێکـی زیاتـر ڕۆمانسـیانەیە، نـەک سـۆفیگەری، چونکـە «ئەدەبـی سـۆفییەتی، ئەدەبێکی مەسلەکیانەی تایبەتە و پێناسـە و نیشـانە و مۆرکـی جیاکـەرەوی خـۆی هەیە» (١٦)، هێشـتنەوە و بەسـتنەوەی دنیـای ئەدەبـی مەولـەوی لەنـاو یـەک فۆرم و جیهانبینیدا، دوورخسـتنەوەی شـیعرەکانیەتی، لـە خوێندنـەوەی جـودا و بەسـتنەوەیتی بەیـەک واتـا و کوشـتنی فرەواتاییـە لـە دەقەکانیـدا، لەکاتێکـدا مەولـەوی بـە کـردار و تێکسـتەکانی خـۆی لـەو جـۆرە یـەک سـتایلییە بەدوورگرتـووە و هەوڵـی داوە هیـچ کاتێـک ئـەو شـتە نەبێـت، کـە ئێمـە دەمانەوێـت. بـۆ نموونـە گریمـان ویسـتی ئێمـە بـۆ دەقـە شـیعرییەکانی مەولـەوی ویسـتێکی عیرفانانەیـە، ڕەنگـە ئـەو یەکگوتارییـە زیانگەیانـدن بێـت نـەک هـەر بـە دەقـی مەولـەوی، بەڵکـوو بـۆ دنیـای ڕەخنـەی ئەدەبیشـمان سـوودبەخش نابێـت. بـە دیوەکـەی دیکەشـەوە هـەر

ڕاستەو ناکرێ سەر لەبەری جیهانی ئەدەبیانەی مەولەوی لە ژوورێکدا قوفڵ بکەین و دەرگە و پەنچەرەکانی لێ دابخەین و بڵێین، شیعرەکانی مەولەوی ڕۆمانسی و دڵدارانەن و لەو هەموو جەمالییەتە بێبەشی بکەین، کە بۆ دنیای تەسەوف و عیرفان هەیەتی.

نووسەری هەمان بابەت، درێژە بەو بۆچوونەی دەدات و ڕووی پرسیار ئاراستەی توێژەران دەکات و دەپرسێت: ئەرێ ڕاستە مەولەوی سۆفی بووە؟ کام مەولەوی؟ مەولەوی لە تافی لاوێتیدا؟ مەولەوی پاش ئیجازە وەرگرتنی مەلایەتی؟ یان پێش مەلایەتی؟ مەولەوی لە کاتی پیریدا؟ یان لە تافی کەنەفت بوونیا؟ ئەی شیعرەکانی بەرهەمی کام تاف لەو تافانەن؟ ئایە مەرجە، شاعیرێک کە بوو بە سۆفی، شیعرەکانیشی کەمەندبەندی ڕێبازی سۆفیالیزم بن. (١٧).

لێرەدا لەچەند وردە پرسیارێکی دیکە نزیک دەبینەوە، کە یارمەتیمان دەدەن باشتر لە مەولەوی قووڵ ببینەوە و لەتەکیدا بەر زۆر تەلسیمی ئەدەبیانەی جودا بکەوین. بەو ڕێگەیەوە لە هەندێک خاڵی جوایەز و نوێگەرییانەی مەولەوی نزیک دەکەوینەوە، بە دیوێکی دیکەدا ڕەنگە دەروازەیەکیش بێت بۆ کردنەوەی تێگەیشتنی دیکە. لەم حاڵەدا مافی خۆشمانە پرسیار لەسەر مێژوو و هەلومەرجی زمان و چۆنیەتی نووسینی بەرهەمەکانی مەولەوی بکەین، چونکە بیبلیۆگرافیای نووسین و ئەدەبیاتی مەولەوی بە چەند قۆناغێکدا دابەش بووە، لەهەر وێستگەیەک مەولەوی جیاواز جیاواز دەبینی، بەڵام لە فۆرمە گشتییەکەیدا یەک مەولەوی دروست دەبێت، کە خۆیەتی.

«مەولەوی شیعرە ویژدانی و زاتییە ناوازە و دلۆڤانەکانی بە شێوەزاری «گۆران» نووسیوە، بەڵام «عەقیدەی مەرزیە»کەی کە بریتییە لە ٢٠٣١ بەیتە شیعر، بە زاراوەی تاوگۆزیی نووسیوە؟ یان «فوائح»ـەکەی کە ٥٢٦ بەیتە بە فارسی دایناوە؟ یان «الفضیلة»کەی بە عەرەبی هۆنیوەتەوە؟ یان «زوبدەی عەقیدە» و عەقیدەکەشی هەر بە زاراوەی جافی تاوگۆزی هۆنیوەتەوە» (١٨). ئەگەر دیقەت بدەینە مامەڵەی مەولەوی لەگەڵ ئەو پێنج ئەزموونەیدا، شتێکمان بۆ دەردەکەوێ، کە مەولەوی دنیای عیشق و ئەڤین و ژیان لەنێو سۆز و دلۆڤانیدا، لەگەڵ ئیشکردن لەناو کایەکانی دیکەدا جیاکردووەتەوە.

باسوخواسی بابەتە عەقائیدی و شەرعییەکان و زانستی کەلام و خیلافی مەزهەبەکان و .. تاد تێکەڵ بە زمانی گۆران نەکردووە! ئەو شیعرە عیرفانی و غەزەلی ئەویندارانە و ڕۆمانسییانەی بە زاری هەورامی نووسیوە، کە پڕپەتی لە مۆسیقا و عیشق و ئاوازی ژیان، خۆ باش باش دەیتوانی بە زاری هەورامی کتێبەکانی دیکەش بنووسێت، بەڵام نایەت ئەو هەستە تایبەتە، کە زمانی دایک و سۆز و سروشتی هەورامان پێی داوە، تێکەڵ بە بابەتی دیکە بکات. ناشکرێت بلیمەتی و توانایی و کارامەیی مەولەویش لە زمانی عەرەبی و فارسیدا نادیدە بگیرێت، یان ئاسان نییە هەڵوەستە لەسەر ئەوە نەکەین و نەڵێین ئافەرین بۆ مەولەوی (١٩) بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەدەب و زانستی کوردیدا توانیویەتی بابەتەکانی «فەلسەفە و عەقائید و ئوسووڵ و کەلام» بە زاراوەیەکی ئاخاوتنی تایبەتی تیرەیەکی جافی وەک تاوگۆزی تۆمار بکات.

## پەراوێزەکان:

(١) پیری پیران، زانای بێ هاوتا، ڕێبەری زەردەشتییەکانی مەڵبەندی هۆرامانات: پیرشالیار نزیکەی ١٣٩٠ ساڵ لەمەوبەر لە هۆرامان لەدایک بووە. دەگوترێت کتێبێکی بە زاری هۆرامانی بەناوی (ماریفەت و پیرشالیاری) نووسیوە، ئەو کتێبە پڕە لە ڕێنوێنی و ئامۆژگاری، بەڵام هیچ سەرچاوەیەک پێمان ناڵێت ئەو کتێبە لە لای کێیە و لە کوێ دەست دەکەوێ. بۆ زیاتر شارەزابوون، بڕوانە کتێبی (شاعیرانی مەڵبەندی گۆران) کۆکردنەوەی ئەوڕەحمان بزوەشی، ل١٢.

(٢) کتێبی سایکۆلۆژیای خۆشەویستی، بەراوردکارییەک لە نێوان هەڵچوون و عەقڵانییەتدا، نووسینی دوکتۆر محەمەد تەها حوسێن، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربوون، ساڵی ٢٠١٩، ل١٤.

(٣) فروید، سیجموند «١٩٩٢» الحب والحرب والحضارة والموت، ت: د. عبد المنعم الحفني، دار الرشاد، ط١، القاهرة، ص١٧.

(٤) فرانكل، فيكتور «١٩٨٢»، الانسان يبحث عن المعنى، مقدمة في العلاج بالمعنى،: د. طلعت منصور، دار القلم ط١، الكويت، ص١٤٨.

(٥) فروم، اريک «٢٠٠٠» فن الحب، بحث في طبيعة الحب واشكاله، ت: مجاهد عبد المنعم مجاهد، دار العودة، بيروت، ص٢٠.

(٦) باومان، زيجمونت «٢٠١٦» الحب السائل، عن هشاشة الروابط الانسانية، ت: حجاج ابو جبر، الشبكة العربية للأبحاث والنشر، ط١، بيروت، ص٣٦.

(٧) سایکۆلۆژیای خۆشەویستی، بەراوردکارییەک لە نێوان هەڵچوون و عەقڵانییەتدا، نووسینی دوکتۆر محەمەد تەها حوسێن، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربوون، ٢٠١٩، ل٢٥.

(٨) اونفري، ميشيل «٢٠١٢» كتاب نفي اللاهوت، ت: مبارك العروسي، منشورات الجمل، ط١، بغداد، ص١٢٢.

(٩) دراسات في الأديان اليهودية والنصرانية، سعود بن عبد العزيز الخلف، ص١١.

(١٠) بڕوانە کتێبی (فەرهەنگی پیران) سەبارەت بە زاراوەی تەسەوف و عیرفان، بوشرا کەسنەزانی و د. سەباح بەرزنجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٣، ل٢٠.

(١١) هەمان سەرچاوە، ل٣٥.

(١٢) (مێژوو و ڕەهەندەکانی سۆفیگەری لە ئیسلامدا) ئانا ماری شمیل، بە کوردیکردنی زانا نانجی و هیوا مەحموود، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠٢٠، ل١٤ - ١٥.

(١٣) پێنجەم « ئایینی خۆشەویستی» مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی: شیعر- مۆسیقا - سەما، جەمال حوسێن، ناوەندی غەزەلنووس، ٢٠٢٣، ل١٢٣ -١٢٤- ١٢٥.

(١٤) بڕوانە وتاری (هونەرەکانی ئەدەب) کاکەی فەلاح، گۆڤاری بەیان، ژ. (٦٦)، ساڵی ١٩٨٠، ل٣.

(١٥) میهرەجانی مەولەوی، هێماسازی لە ناو شیعرەکانی مەولەویدا، حەمەکەریم هەورامی، ل١٣٧.

(١٦) هەمان سەرچاوە، ل١٣٨.

(١٧) هەمان سەرچاوە، ل١٣٩ - ١٤٠.

(١٨) میهرەجانی مەولەوی، دەرگایەک بۆ تێگەیشتن لە هۆنراوەکانی مەولەوی، ڕەئووف عوسمان، ل١٢٥ - ١٢٦.

(١٩) هەمان سەرچاوە، ل١٢٧.